https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.16

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# گێچەڵکردن و پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی

پ.ی.د. کاروان کاکەبرا کاکەمد

زانکۆی سۆران/فاکەلتی ئاداب/

بەشی دەروونزانی

karwan.kakamad@soran.edu.iq

اوین سلمان جبرائيل

زانکۆی سۆران/فاکەلتی ئاداب/

بەشی دەروونزانی

aween.jubraeel@psy.soran.edu.iq

**پوختە:**

دیاردەی گێچەڵ کردن یەکێکە لەو کێشانەی کە هەندێک لە قوتابیان لە قوتابخانەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەمەش زۆرجار کاریگەری لەسەر لایەنی ئەکادیمی قوتابیان دەکات. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە زانینی ئاستی گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان و هەروەها زانینی ئاستی پێشبینی گێچەڵ لە سەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای نمونەی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە قوتابخانەی پەروەردەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لەخۆ دەگرێت و نمونەی توێژینەوەش پێکدێت لە (٥٦٥) قوتابی لە پۆلەکانی (١٠ و ١١)ی ئامادەیی. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی چەندایەتی بەستراوە و بۆ دەستکەوتنی داتا و زانیارییەکان پشت بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستراوە. بۆ پێوانەکردنی گێچەڵ توێژەر پێوەرێکی ئامادەکردووە و بۆ پێوانەی دەستکەوتی خوێندنیش پشت بە نمرەی تاقیکردنەوەکانی قوتابی بەستراوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن کە ئاستی گێچەڵ لە قوتابخانەکان لە ئاستێکی بەرزی ئامارین و بەڵگەداری ئاماری هەیە و دەستکەوتی خوێندنیش لە ئاستێکی نزمدا دەبیندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکان پەیوەندییەکی نەرێنی لەنێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن نیشان دەدەن لەهەمان کاتدا گێچەڵ دەبێتە هۆی پێشبینی کردنی نزم بوونەوەی ئاستی نمرەی ئەکادیمی قوتابی. سەرەڕای ئەمانەش توێژەران بە پشت بەستن بەو ئەنجامەی کە لەم توێژینەوەیەدا بە دەستییان هێناوە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکیان خستۆتە ڕوو.

**وشە کلیلەکان:** گێچەڵ، دەستکەوتی خوێندن، قوتابی.

## گێچەڵکردن و پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی

## کێشەی توێژینەوە:

ژینگەی خوێندن و ئەو کارلێکانەی قوتابی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەیکات، کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر سایکۆلۆژیەتی قوتابی دروست دەکات، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئەوە بگوترێت کە زۆرجار لە ئەنجامی ئەو ژینگەیەی کە قوتابی تێیدا هەڵسوکەوت دەکات ئەوا ڕووبەڕووی هەندێ هەڵوێست دەبێتەوە کە کار دەکاتە سەر هەریەکە لە هەڵچوونەکان و دەستکەوتی خوێندن. یەکێک لەو جۆرە ڕەفتارانەش ڕەفتاری گێچەڵە(bully). ئەم جۆرە ڕەفتارە بریتییە لە ڕەفتارێکی خۆسەپێنی و بە گشتیش ئەو ڕەفتارە لای ئەو قوتابیانە دەگیرێتە بەر کە ڕووبەڕووی هەندێ هەڵسوکەوت دەبنەوە و وادەکات کار بکاتە سەر قوتابیەکانی دیکەش. ڕەفتاری گێچەڵ لە ئەنجامی ئەو هەڵسووکەوتانەی وەکو ژینگەی قوتابخانە، ئاستی ئابووری، هاوڕێ، پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ قوتابی، توندوتیژی مامۆستا لەگەڵ قوتابی سەرهەڵدەدات و هەموو ئەمانەش وا دەکەن کە هەستی دوژمنکارانە لای قوتابی دروست ببێت و دەرەنجام ئەو قوتابییە وەکو پەرچەکردار ڕەفتاری گێچەڵ بنوێنێت (الدسوقي، ٢٠١٦، لا. ٢٤-٢٥).

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم هەڵچوونانە کاریگەری نەرێنی لە ژیانی تاکدا دروست دەکەن و وا دەکەن کە قوتابیان دووچاری چەند گرفتێکی دەروونی ببن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامی ئەو گرفتە دەروونییانەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەستکەوتەکانی تاک دروست دەکات، بۆیە دەکرێت ئەم گرفتانە لە هەرزەکاریدا ببێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری نەرێنی لە سەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن ,Fredkove & Sieving (2017, p. 884).

لەچوار چێوەی ئەم تێگەیشتنانەوە ئەوەی لێرەدا وەکو پرسیار دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئایا گێچەڵ چەندە پەیوەندی بە ئاستی بە دەستهێنانی قوتابیانەوە هەیە؟ ئایا تا گێچەڵ زیاد بێت ئاستی نمرە دادەبەزێت؟

## گرنگی توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی، سەرەڕای گرنگی ئەم بابەتە کە هەوڵدەدات لە ئاست و پەیوەندی گێچەڵ بە دەست کەوتی خوێندن بکۆڵێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنی سەرەکیدا بخرێتە ڕوو؛

لایەنی تیۆری: توێژەر لە ڕێگەی ناساندنی تیۆری بۆ هەر چەمکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی وەکو دیاردەی گێچەڵ کردن لە قوتابخانە و دەستکەوتی خوێندن بۆ خوێنەران بەشێوەیەکی تێروتەسەل بخاتە ڕوو و سەرەڕای ناساندنییان هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بە پشت بەستن بە تیۆر و توێژینەوەکانی پێشووتر بخاتە ڕوو.

لایەنی پراکتیکی: لەبەر ئەوەی توێژەر بۆ دەستخستنی زانیارییەکان پشت بە فۆڕمی ڕاپرسی دەبەستێت، بۆیە دەکرێت ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیە دەردەکەون ببنە هۆکارێک بۆ زیاتر ئاشنابوونی لایەنی پەیوەندیدار بەم پرسە، بۆ ئەوەی کە بایەخێکی زیاتر بەو ڕەهەندانە بدرێت کە وەکو گرفت دەردەکەون و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدرێت پاڵپشتی ئەو ڕەهەندانەش بکرێت کە وەکو لایەنێکی ئەرێنی لە پرۆسەی پەروەردەییدا بوونیان هەبێت، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتواندرێت لایەنە ئەرێنییەکانی بەهێز بکرێت و چارەسەری ئەو لایەنانەش بکرێت کە وەکو گرفت دەست نیشان دەکرێن.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١/ زانینی ئاستی گێچەڵ لای نمونەی توێژینەوە.

٢/ زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای نمونەی توێژینەوە.

٣/ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن لای نمونەی توێژینەوە.

٤/ ئاستی پێشبینی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن لەلای نمونەی توێژینەوە.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە هەریەکە لە پەرەوەردەکانی (سۆران، چۆمان، ڕواندز و مێرگەسۆر) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لەخۆ دەگرێت.

**ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**یەکەم/ گێچەڵ:**

ابراهیم (٢٠١٩) پێناسەی گێچەڵ دەکات بەوەی کە بریتییە لە ڕەفتار یان گوفتارێکی شەڕانگیزی کە قوتابییەک یان کۆمەڵە قوتابییەک دژ بە قوتابیانی تر دەیگرنە بەر، کە ئەو جۆرە ڕەفتارەش بەشێوەی فیزیکی، زارەکی، کۆمەڵایەتی یان ڕەگەزی بێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی گێچەڵکار و گێچەڵپێکراو لەلایەک و قوتابخانە و ژینگەی خوێندن لەلایەکی ترەوە دروستبکات (ابراهیم، ٢٠١٩،

لا. ٨). لەگەڵ ئەوەشدا غولي و العكيلي (٢٠١٨) پێناسەی گێچەڵی قوتابخانەیی بەوە دەکات کە بریتییە لە ڕەفتارێکی نەرێنی دووبارە کراو و ڕێکخراو کە کەسێک لە دژی ئەوانەی دیکە دەیگرێتە بەر، ئەویش بەو ئامانجەی کە کەسی گێچەڵکار هەوڵدەدات خۆبسەپێنێت بەسەر ئەوانی دیکەدا و دەسەڵات بگرێتە دەست (غولي و العكيلي، ٢٠١٨، لا. ٢٤٨٣).

### پێناسەی تیۆری:

گێچەڵ سەرجەم ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە شەڕانگێزانانە دەگرێتەوە کە تاکێک یاخود کۆمەڵێک بەرانبەر بە کەسانی تر ئەنجام دەدەن بە شێوەیەکی دووبارە و بەردەوام بە مەبەستی ئازاردانی تاک دەگیرێتە بەر، لە ئەنجامدا تاک دووچاری کۆمەڵە گرفتێکی دروونی دەبێتەوە.

### پێناسەی پراکتیکی:

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی قوتابییان لە سنوری ئیدارەی سۆران بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری گێچەڵ بە دەستی دەهێنن.

### دووەم/ دەستکەوتی خوێندن

خالد (٢٠١٧) پێناسەی دەستکەوتی خوێندن بەوە دەکات کە بریتییە لەو ئامانجە سەرەکییانەی کە کۆمەڵگەکان خوازیارن لە ئەنجامی خوێندن و ئەو پلانە پەروەردەییانەی دایدەڕێژن لەلای قوتابی بەدەست بخرێت، ئەویش بەو واتایەی کە دەستکەوتی خوێندن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو خواست و ئامانجانەی کە کۆمەڵگە لە ڕووی فێربوونەوە خوازیاری بەدەستهێنانیەتی لای قوتابی بەدی دێت (خالد، ٢٠١٧، لا. ٣٢). لەگەڵ ئەمەشدا الحموی (٢٠١٠) پێناسەی دەستکەوتی خوێندن بەوە دەکات کە بریتییە لە ئاستێکی پێویست لە دەرچوون، کە دوای ئەوەی هەڵسەنگاندن لە لایەن بەرپرسانی قوتابخانە بۆ قوتابی ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی

ئەوەی بڕیار لەبارەی سەرکەوتنی قوتابی بدرێت (الحموي، ٢٠١٠، لا. ١٨٠).

## پێناسەی تیۆری:

دەستکەوتی خوێندن ئاماژەیە بۆ ئەو ئاستەی کە قوتابی بەدەست دەهێنێت لە وانەکانی خوێندندا وە گوزارشت لە ئاستی سەرکەوتنی قوتابی دەکات ، ئەمەش بە گشتی لە ڕێگەی تاقیکردنەوە یان هەڵسەنگاندنی بەردەوام ئەنجام دەدرێت.

## پێناسەی پراکتیکی:

بریتییە لە کۆنمرەی قوتابی کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بە دەستی هێناوە.

## چوارچێوەی تیۆری

چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە دابەش کراوە بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا؛

## یەکەم: گێچەڵ

## سەرەتای دەرکەوتنی گێچەڵ وەک بابەتی لێکۆڵینەوە

مێژووی دەرکەوتنی دیاردەی گێچەڵ بۆ یەکەمین جار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٦٠) و سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٠)، لە سەرەتادا دەستەواژەی (Mobbing) بۆئەم دیاردەیە بەکاردەهێنرا. Jimerson & et al, 2009, p.9) ، بەڵام دواتر (دانیئل ئولویس Daniel Olweus) کە بە یەکەمین زانای سەرەکی لە بواری دیاردەی گێچەڵ دادەنرێت لە سەرەتای خوێندنەوەکانی بۆ ئەم دیاردەیە هەردوو دەستەواژەی

(گێچەڵکار) و(گێچەڵپێکراو)ی بەکارهێنا. لەم سەردەمەدا بە هۆی سروشتی ناپەسەندی گێچەڵ کە بەشێوەیەکی گشتی بە ئازاردان و دەست درێژی کردنە سەر کەسانی تر دەناسرێتەوە باوترین دەستەواژە بۆ ئەم دیاردەیە (گێچەڵ) (Bully)ە وە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە توێژینەوەکانی هەموو جیهان پەسەند کرا، (Harris & Petrie, 2003,p.1) .

لە دوای هەوڵەکانی (دانیئل ئولویس) سەبارەت بە دیاردەی گێچەڵ ، گرنگی و بایەخی توێژینەوەکانی هەریەکە لە وڵاتانی نەرویژ و سوید لە ساڵی ١٩٨٠ بوونە هۆی سەرهەڵدانی هەڵمەتی دەست تێوەردانی نێو دەوڵەتی دژ بە دیاردەی گێچەڵ و ئەم سەرکەوتنەش زۆربەی وڵاتانی وەکو بەریتانیا، فینلەندا، ئیرلەند، و ژاپۆن بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە ورووژاند. هەروەها لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) هەر چوار ساڵ جارێک توێژینەوەیەکی نێو دەوڵەتی دەربارەی هەڵسوکەوتی تەندروست لە قۆناغەکانی قوتابخانە ئەنجام دراوە کە دیاردەی گێچەڵ لایەنی گرنگی توێژینەوەکە بووە و قوتابیەکانی تەمەن ١١، ١٣. ١٥ ساڵی وەکو نمونەی توێژینەوەکە هەلبژێردراون لە چەندین وڵاتی جیاواز وە هەڵسەنگاندنییان بۆ کراوە، لە ئەنجامدا دیاردەی گێچەڵ لە هەموو جیهان لە زیادبوون دا بووە، (Phey & Sanders, 2004, p.2)

### دیاردەی گێچەڵ لە قوتابخانەکان

هەر وەکو پێشتر ئاماژە پێکراوە دیاردەی گێچەڵ لە ساڵەکانی ١٩٧٠ کەوتە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێشتر ئەم دیاردەیە بوونی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دیاردەیە هەر لە کۆنەوە لە کۆمەڵگا و بگرە لە قوتابخانەکانیش بوونی هەبووە بەتایبەت لە نێوان قوتابییەکان( Shariff ,2008, p.10., Smith & et al 2004,

p.1). توند و تیژی و ڕەفتاری شەڕانگێزانە لە نێوان قوتابییان لە قوتابخانە بوون بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکان بەهۆی دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم هەڵسوکەتانە لەسەر گەشەی منداڵان و هەرزەکاران وە دەرئەنجامی نەرێنی لەسەر دەستکەوتی خوێندن. هەروەها ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لە قوتابخانەکان خەریکە دەبن بە بابەتی ڕۆژانە وە تا ڕادەیەک لە لایەن مامۆستا وە قوتابییان بە بابەتێکی ئاسایی دەبیندرێت کە ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە قوتابخانەکان چاوەڕوان دەکرێت چونکە پێویستە قوتابییەکان بتوانن بە بێ ترس و لە ژینگەیەکی باوەڕ پێکراو فێر ببن تا بتوانن پەرە بە تواناکانییان بدەن ( Murillo & Roman, 2011, p.38).

گێچەڵ لە قوتابخانەکان لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ڕودەدات بەڵام هەندێک جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە هەیە، ڕەگەزی نێر زیاتر ڕوبەڕووی توند و تیژی جەستەیی دەبنەوە بەڵام ڕەگەزی مێ زیاتر ڕوبەڕووی جۆرەکانی تری گێچەڵ دەبنەوە، بە تایبەتی گێچەڵی پەیوەندی و گێچەڵی کۆمەڵایەتی. جگە لەمەش تەمەن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم دیاردەیەدا، بەو پێیەی منداڵەکان هەتا گەورەتر دەبن کەمتر ڕووبەڕووی گێچەڵی جەستەیی دەبنەوە بەڵام لە تەمەنی هەرزەکاری دا زیاتر ڕوبەڕووی گێچەڵی ئەلیکترۆنی دەبن (Unesco, 2019, p. 7).

هەروەها بە شێوەیەکی گشتی گێچەڵی و توندوتیژی لە نێوان قوتابییان لە ناو پۆل و لە دەوروبەری قوتابخانە یاخود لەو شوێنانەی کە چالاکی گشتی تێیدا ئەنجام دەدرێت ڕوو دەدات. ئەمەش بە جۆرێک کە گروپێک لە قوتابییان قوتابییەکی تر دەکەنە ئامانج و گاڵتە و سووکایەتی پێ دەکەن و ئازاری دەدەن، وە زیاتر ئەو قوتابییانە دەبنە قوربانی گێچەڵی کە لە ڕوانگەی قوتابییەکانی تر جیاواز دەربکەون ( Sharif ,2008, p.10). توێژینەوەکان وا دەردەخەن شێوەی جەستەیی لە

باوترین هۆکارەکانی گێچەڵیە وە لە دوای ئەمە جیاوازی نەتەوە و نەژاد و ڕەنگی پێست بە دووەمین هۆکار دێن. کەواتە بە گشتی گێچەڵ لە قوتابخانە دەناسرێت بە ئازاردان و زیان گەیاندن بە گێچەڵ پێکراو لە لایەن گێچەڵ کارەوە بە شێوازی فیزیکی، زارەکی یان کۆمەڵایەتی و دەروونی (Graham, 2016, p.137).

## تیۆرەکانی گێچەڵ

### تیۆری ڕەفتاری

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە مرۆڤ دەینوێنێت، بریتین لەو ڕەفتارانەی کە لە ژینگەکەی فێری بووە، واتا مرۆڤ هەڵدەستێت بەو ڕەفتارانە کە پێشتر لای کەسانی دیکە بینیویەتی، بۆیە ئەو ڕەفتارانە وەردەگرێت و لاسایی ئەو کەسانە پێدەکاتەوە (محەمەد، ٢٠٢١، لا. ٧٩). لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکرێت لە ڕوانگەی پێکهاتەیی و وەزیفیدا لە ڕەفتاری مرۆڤەکان بکۆڵدرێتەوە، بەڵکو دەبێت بە ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەرییە ژینگەییانەی کە تاک تێیدا دەژیت، هەوڵ بدرێت ڕەفتارەکان شرۆڤە بکرێن. بۆیە ئەو ڕەفتارانەی کە تاک ئەنجامی دەدات بریتییە لەو جۆرە ڕەفتارانەی کە تاک لە میانەی پەروەردەکردنەوە فێری بووە و بووەتە بەشێک لە کەسایەتی ئەو (جەمال، ٢٠١٣، لا. ١٦٨-١٦٩).

سەرەڕای ئەمانەش لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە ئاماژە بەوە دەکەن، کە بۆماوە هیچ ڕۆڵێکی لە دروستبوونی ڕەفتارەکانەوە نییە، بەڵکو کۆی ئەو ڕەفتارانەی کە مرۆڤ لە ژینگەکەیدا پەیڕەوی دەکات، ئەو ڕەفتارانەن کە لە ژینگەدا فێری بووە، بۆیە ئەو ڕەفتارانەی کە وەکو ڕەفتاری شەڕانگێزی یان توند و تیژی دەبیندرێن، هەمان ئەو ڕەفتارانەن کە مرۆڤ

له ژینگەی دەورووبەری وەریگرتووە و لەسەر ئەوانی تر جیبەجێی دەکات (عەلی و ابراهیم، ٢٠١٩، لا. ٤٢-٤٣).

کەواتە دەکرێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە، کە بەپێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە، ڕەفتاری گێچەڵ پێکردن لە قوتابخانەکان بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەستە بە کەسانی چوار دەوری کەسی گێچەڵکار، چونکە ئەم جۆرە ڕەفتارانە بریتیین لەو ڕەفتارانەی کە ئەو تاکە لە ژینگەی دەورووبەری خۆی وەریگرتووە و بەسەر ئەوانی دیکەدا جیبەجێی دەکات (غولي و العكيلي، ٢٠١٨، ص. ٢٤٨٥).

### تیۆری زاڵبوونی کۆمەڵایەتی

ئەم تیۆرە هۆکارەکانی ڕەفتاری گێچەڵپێکردن، بۆ فاکتەر و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە، کە لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکرێت (Goodboy et al, 2016, p. 159). لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە بەهۆی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان کۆمەڵگەکان پەیڕەو دەکرێت، هەمیشە لە نێوان تاکەکاندا جۆرێک جیاکاری لەسەر بنەمای هەندێ خەسڵەتی تایبەت دەکرێت. ئەم جۆرە جیاکارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چینێک وەکو چینی باڵا لە چاو چینەکانی دیکە ببیندرێت، بۆیە کاتێک کۆمەڵگە بەسەر چینەکاندا دابەشکرا، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو چینەی کە وەکو باڵا دەبیندرێت، هەوڵ بدات لە ڕێگەی ئەو پاڵپشتییە چینایەتیەی هەیەتی زاڵبوونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت (Hollis, 2016, p. 105).

لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەبوونی چەند کەلتوورێک لە ناو یەک کۆمەڵگەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە پشتبەستن بەو هەمەڕەنگییە کەلتوورییە، کەلتوورێک هەوڵی زاڵبوونی خۆی بدات بەسەر ئەوانی دیکەدا، بۆیە کاتێک کەلتوورێک زاڵدەبێت

بەسەر ئەوانی دیکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە ڕەفتارەکانی کەلتوورەکانی دیکە وەکو پەڵەی شەرمەزاری شرۆڤە بکات و ببێتە هۆی گێچەڵ کردن بە ئەوانی دیکە (Volk et al, 2021, p. 2).

بەشێوەیەکی گشتی ڕوانگە تیۆرییەکانی سەر بەم تیۆرە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە دیاردەی گێچەڵ پێکردن لە قوتابخانەکان، دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانە بگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە چینایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەویش بە هەبوونی زاڵیتی چینێک و درووستکردنی وێنەیەکی نەرێنی لەسەر چینی خوارەوەی خۆی، بۆیە کاتێک ئەو وێنەیە درووست دەبێت، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەفتاری گێچەڵپێکردن ( Evans & Smokowski, 2016, p.4). بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە چینایەتییە هەمیشە وا دەردەکەوێت کە ئەو چینەی خۆی زاڵکردووە، وەکو چینی جێبەجێکاری ڕەفتاری هەراسانکار دەبیندرێت و بە پێچەوانەشەوە، ئەو چینەی کە دەبێتە قوربانی ڕەفتاری گێچەڵی، ئەوا تاکەکانی ئەو چینەی کۆمەڵگەن کە کەوتوونەتە ژێر باری چینە زاڵەکەی کۆمەڵگە ( Hawley, 2007, pp. 1-3).

### دووەم: دەستکەوتی خوێندن

چەمکی دەستکەوتی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی بە چەمکێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە وا دەبینرێت بریتیە لە کۆمەڵێک بەشداربوون کە لە هەر یەک لە کایەکانی فێرکردنەکانی قوتابخانە و کۆمەڵایەتی بە دەست دێت، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆڵێکی گرنگ لە دروست کردنی ژیانی ڕۆژانەی تاک وخێزان و کۆمەڵگا دەگێڕێت، بەو واتایەی کە دروست بوونێکی پەروەردەکارانەیە کە لە کۆتایی دا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بەرهەمی سەرکەوتن لای تاک بە تایبەتی وە سوودی کۆمەڵایەتیش دەستەبەر دەکات بە شێوەیەکی گشتی، دەستکەوتی خوێندن لە سەرەتادا بە شێوەی دیاردەیەکی سوودمەند لە ژیانی رۆژانە لە بوارە

جیا جیاکانی (ئابوری، کارگێڕی، سیاسی، ئەدەبی، پەروەردەیی، زانست وئەلیکترونیک وە لە دواتریشدا بە دۆزینەوەی شتە نەزانراوەکان) کۆتایی دێت. سەرەڕای ئەمەش دەستکەوتی خوێندن لە بواری پەروەردەیی ئەو دەستکەوتانە دەگرێتەوە کە قوتابییان لە وانەکانی خوێندن بە گوێرەی ئەو ئاستەی کە بۆ سەرکەوتن دەست نیشان کراوە بە دەستی دەهێنن (سعید، ٢٠١٢، ص ٥٠).

هەر وەک ئاماژە پێکراوە دەستکەوتی خوێندن گرنگییەکی گەورەی لە ژیانی تاک و خێزان هەیە لەبەر ئەوەی دەتوانێت بڕیار لەسەر سەرکەوتن و بەدەست هێنانی ئاستی لێهاتوویی لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندن بدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا لایەنێکی زۆر گرنگی ژیانە بەو مانایەی کە ڕێگەیەکی هەڵبژێردراوە بۆ گوزارشت کردن لە سەرکەوتنەکان و بەدەست هێنانی ئاستی خوێندن بە گوێرەی ئەو قۆناغەی کە قوتابی تێدا دەخوێنێت ئەمەش وا دەکات ئەو قوتابییانە بتوانن دەستکەوتی خوێندنییان بەرز بکەنەوە و شانازی بە توانا وە لێهاتووەکانیان بکەن (الحموی، ٢٠١٠، ص ١٧٤).

گومانی تێدا نییە کە دەستکەوتی خوێندن گرنگییەکی زۆر هەیە بۆ تاک لە ڕووی ئاستی زانستی تاک بە جۆرێک دەبێتە هۆی تێرکردنی پێداویستییەکانی تاک و بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و ڕازیبوون لە خود لە لایەن تاکەوە، هەروەها نەکەوتنە ناو گرفت و ئەو کێشە ڕەفتارییانەی کە دەبێتە هۆی شلەژان و تێکدانی سیستەمی ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە (خالد، ٢٠١٦ ، ص. 34).

## تیۆرەکانی دەستکەوتی خوێندن

### تیۆری ئادلەر

لە تیۆری ئادلەردا هەستکردن بە کەمێتی وەکو تەوەری سەرەکی لە شرۆڤەکردنی بونیادی کەسایەتیدا ڕۆڵ دەگێڕێت (بەرواری، ٢٠١٩، لا. ٦٧) ئادلەر ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ بوونەوەرەکانی دیکەدا لاوازترین بوونەوەرە و مانەوەی لە ژیاندا پەیوەستە بە چاودێریکردنی کەسانی دیکە. بۆیە ئەم لاوازییە لە کەسایەتی مرۆڤ لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە وا دەکات کە هەموو مرۆڤێک بە جۆرێک لە جۆرەکان هەست بە کەمێتی بکات، ئەو هەست کردن بە کەمێتییەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ دەستکەوت و سەرکەوتن (شاملۆ، ٢٠١٠، لا. ١٣٨).

لەگەڵ ئەوەشدا ئادلەر ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو هەستکردن بە کەمێتییەی، دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی خود، ئەو هەنگاوە بۆ بەدەستهێنانی خود دەبێتە هاندەرێکی گرنگ لای کەسایەتی مرۆڤ بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن، چونکە کاتێک مرۆڤ دەتوانێت لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی دەیدات، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا خاڵی سەرەکی بەرجەستەکردنی خود دەستەبەر دەکات. بۆیە لە ڕوانگەی ئادلەرەوە سەرکەوتن و دەستکەوت یەکێکن لەو هاندەرە سەرەکییانەی کە تاک دەتوانێت بەسەر هەستکردن بە کەمێتییەکەی زاڵبێت و دەرەنجام بتوانێت بەدەستهێنانی خودیش فەراهەم بکات (محەمەد، ٢٠٢١، لا. ٧٢-٧٣).

### تیۆری ویلبێرگ

تیۆری ویلبێرگ بۆ دەستکەوتی خوێندن یەکێکە لەو تیۆرانەی کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی چەند فاکتەرێکی سەرەکی کە پەیوەستن بە خود، ژینگەی خوێندن و بارودۆخی سایکۆلۆژی کەسی قوتابی، دەستکەوتی خوێندن شرۆڤە بکات، کە پێی وایە هەر یەک لەو فاکتەرانە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرز کردنەوە یان نزم کردنەوەی دەستکەوتی خوێندندا دەگێڕن (Rugutt & Chemosit, 2005, p. 67).

ویلبێرگ لە تیۆرەکەی خۆیدا سێ خالی سەرەکی وەکو بنەمایەک بۆ دەستکەوتی خوێندن دەخاتە ڕوو، کە پێی وایە هەر یەک لەم خاڵانە کاریگەرییان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابی دەبێت. بۆیە دەبێت لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ئەم سێ خاڵە بە هەند وەربگیرێت، کە ئەوانیش لە خاڵی یەکەمدا بریتییە لەوەی کە دەستکەوتی خوێندن دەوەستێتە سەر توانا، تەمەن، ئاستی گەشە. لە خاڵی دووەمدا خۆی لە کاتی خوێندن و یەکسانی کاتەکان لەخۆ دەگرێت و خاڵی سێیەمیش بریتییە لە ژینگەی دەروونی پۆلەکانی خوێندن، ماڵ، هاوڕێکانی قوتابخانە و هۆکارە میدیایی و دیجیتاڵییە ناوچەییەکانی ئەو ژینگەیەی کە قوتابی تێیدایە (Young et al, 1996, 272).

### سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

### توێژینەوەکانی پەیوەست بە گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن

### توێژینەوەی Alotaibi (2019)

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " گێچەڵی ئەلیکترۆنی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی سەر دەستکەوتی خوێندن ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە قوتابخانەکانی وڵاتی سعودیە و نمونەی ئەم

توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە ٣٩٥ قوتابی پۆلی ٩ بۆ ١٢ لە قوتابخانەی سعودیە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی چەندایەتی و فۆرمی ڕاپرسی بەسترابوو. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا زانینی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لەسەر دەستکەوتی خوێندن بووە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستبوو کە دیارەدەی گێچەڵکردن لە قوتابخانەکان لە ئاستێکی بەرزدا دەبیندرێت و گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری نەرێنی خستبووە سەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی نمونەی توێژینەوەکە.

## توێژینەوەی Faryadi (2011)

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " گێچەڵی ئەلیکترونی و ئاستی ئەکادیمی" ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە قوتابییانی زانکۆکانی وڵاتی مالیزیا و نمونەی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە ٣٦٥ قوتابی لە کۆی ٨٠٠٠ قوتابی لە قۆناغی یەکەم لە زانکۆکانی مالیزیا. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی تێکەڵ ( Mix Method) بەسترابوو، کە میتۆدی چەندێتی، چۆنیەتی و وەسفی لەخۆ دەگرێت. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا زانینی ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی، هەروەها زانینی کاریگەری گێچەڵی ئەلیکترۆنی لەسەر ئاستی ئەکادیمی. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستبوو کە دیارەدەی گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی بەرزدا دەبیندرێت و گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی بە ڕێژەی ٨٥% کاریگەری نەرێنی خستبووە سەر سایکۆلۆژییەتی قوتابییانی نمونەی توێژینەوە کە هەستییان بە فشار و هەڵچوون کردبوو، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی بەشداربووان هاوڕا بوون کە گێچەڵی بە شێوەی ئەلیکترۆنی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی ئەکادیمی قوتابییان هەبووە.

**لایەنی مەیدانی توێژینەوە:**

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەست خستنی داتا و زانیارییەکان توێژەر پشت بە میتۆدی وەسفی چەندایەتی دەبەستێت، چونکە ئەم میتۆدە ڕێگە دەدات بە دەستکەوتنی زانیارییەکان بەشێوەی ژمارەیی، کە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە دەست دەخرێن. شایەنی باسە ئەم جۆرە میتۆدە گونجاوە بۆ شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە بە شێوەی ژمارەیی دەست دەخرێن (Ahmad et al., 2019, p. 2828).

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانەکانی هەر چوار پەروەردەی سنووری ئیدارەی سۆران کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران، مێرگەسۆر، ڕواندز و چۆمان لەخۆ دەگرێت، کە کۆی گشتی قوتابییان لە هەرچوار پەروەردەکە بریتییە لە (9153)، قوتابی وەک لە خشتەی ژمارە (1) پیشاندراوە دابەش ک راون بەسەر هەرچوار پەروەردەدا.

خشتەی ژمارە (1) کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ژمارە | پەروەردەی سۆران | پەروەردەی چۆمان | پەروەردەی ڕەواندز | پەروەردەی مێرگەسۆر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 6003 | 933 | 527 | 1690 |

**نمونەی توێژینەوە:**

بە مەبەستی دەست نیشانکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوە هەوڵدراوە لەسەر بنەمای خشتەی مۆرگان قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە دەست نیشان بکرێت، چونکە ئەم شێوازەی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە بە پشت بەستن بە خشتەی مۆرگان یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکانییان پشتی پێدەبەستن (فاتمی، ٢٠٢٠، لا. ١٢٧) لەم چوارچێوەیەدا نمونەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (565) قوتابی لە پۆلەکانی 10 و 11 لە قوتابخانەکان، هەروەها نمونەکەش بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون، چونکە ئەم جۆرەی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە، شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەی کە توێژەر مەبەستیەتی تەنها ئەو نمونانە هەڵبژێرێت کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکات (Krejcie & Morgan, 1970, p. 607).

**خشتەی ژمارە (2) نموونەی توێژینەوە**

| پەروەدەکان | ژمارەی نمونە | ڕێژەی سەدی | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی سۆران | 320 | ٪56.6 | نێر<br>مێ | 110<br>210 | ٪34.4<br>٪65.6 |
| پەروەردەی چۆمان | 110 | ٪19.5 | نێر<br>مێ | 78<br>32 | ٪70.9<br>٪29.1 |
| پەروەردەی | 75 | ٪13.3 | نێر | 30 | ٪40 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مێرگەسۆر | | | مێ | 45 | 60٪ |
| پەروەردەی ڕواندز | 60 | 10.6٪ | نێر<br>مێ | 25<br>35 | 41.7٪<br>58.3٪ |
| کۆی گشتی | 565 | 100٪ | | 565 | 100٪ |

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

### یەکەم/ پێوانەی گێچەڵ:

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێوەرێکی گونجاو کە لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگەی توێژینەوە هەماهەنگ بێت توێژەر بە ڕەچاوکردنی قۆناغە سایکۆمەترییەکان پێوەرێکی بۆ گێچەڵ ئامادە کردوە، شایەنی باسە بۆ ئامادە کردنی هەر پێوەرێک دەبێت چەند هەنگاوێک بگیرێتە بەر، کە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی لە دیاریکردنی ئامانجەکان، دیاریکردنی ناوەڕۆک، کۆکردنەوەی بڕگەکان، دانانی ڕێنماییەکانی تێستەکان، مەرجەکانی جێبەجێکردن و ڕێکارەکانی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان و شیکردنەوە، هەروەها لە کۆتاییشدا دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوانە.

### هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئامادەکردنی پێوانەی گێچەڵ

بۆ ئامادەکردنی پێوەری گێچەڵ، توێژەر فۆڕمێکی ئامادە کرد کە چەند پرسیارێکی کراوەی لەخۆگرتبوو و بەسەر نمونەی کۆمەڵگەکەی دابەشکرد، کە بریتی بوون لە 20 بەشداربوو، کە نمونەکان دابەشکرابوون بەسەر چەند قوتابخانەیەک لە پەروەردەکانی سنووری

ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان، توێژەر هەوڵی دەست خستنی زانیارییەکان و توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەست بەم بوارە دا، لە ئەنجامدا پشتی بەست بە تیۆری زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و چەند توێژینەوەیەکی دیکەی وەکو توێژینەوەی Mynard & Josepf (2000), Parada (2000), Orpinas (1993), Chan et al (2005), Tarshis & Huffman (2007), Gottheil & Dubow (2001), Marcum (2018), Espelage & Holt (2001), Ammar .(2021), Hinduja & Patchin (2019).

## شێوازی سەرەتایی پێوانەی گێچەڵ

دوای کۆکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی کە بەشێوەی پرسیاری کراوە ئامادەکرابوو، هەورەها خوێندنەوەی وەڵامەکان و پشت بەستن بە تیۆری زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەکانی پێشووتر، توێژەر بۆ ئەوەی پێوەرەکە بخاتە بەردەستی شارەزایان بڕگەکانی ئەم پێوەرەی کۆکردەوە، کە بریتیی بوون لە (28) بڕگە و بەسەر چوار بواردا دابەشکرابوون، ئەوانیش بوارەکانی (گێچەڵی فیزیکی، گیچەڵی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی، گێچەڵی زارەکی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی).

## ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوانەی گێچەڵ

ڕاستگۆیی ئەو هەنگاوەیە کە توێژەران لە توێژینەوەکەیان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی لەڕێگەی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارەی کە پێوانەکەی بۆ داندراوە زانیاری زیاتر لەبارەی بڕگەکانی پێوانەکە بەدەست بخەن، کە ئامانج لێی ئەوەیە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەی دابەشی بکات. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر پێوانەکەی خستە بەردەستی (13) شارەزا، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبنییەکانی خۆیان لەبارەی بڕگەکانی ئەم پێوانەیە بخەنە ڕوو. دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان توێژەر لە ڕێگەی یاسای کایسکوێر

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەرکرد، لە ئەنجامدا ڕێژەی کایسکوێر بۆ گشت بڕگەکان لە سەرووی بەهای خشتەیی (3.84) بوو، بەم شێوەیە هەموو بڕگەکان وەک خۆیان مانەوە کە ژمارەیان (28) بڕگە بوون ، واتە ئەم پێوەرە بەشێوەی گشتی (28) بڕگە لەخۆدەگرێت.

## بڕیاردان لەسەر مانەوەی بڕگەکانی پێوەری گێچەڵ

ئەم پێوانەیە کە لە چوار بوار پێکدیت، بەسەر نمونەی توێژینەوە کە پێک هاتبوون لە (220) بەشداربوو لە قوتابیانی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، دوای بەکارهێنانی گەڕانی شیکاری هۆکارەکان دەرکەوت، (KMO) کە بریتییە لە (0.952)، کە ئەمەش بەرزترە لە بەهای دیاریکراو کە (0.60)، چونکە هەروەک (2013) Che ئاماژەی پێداوە هەر بەهایەک بەرزتر بێت لە (0.60) ئەوا دەکرێت پشت بەم بەهایە ببەسترێت (Che, 2013 ,P. 236) . سەرەڕای ئەمەش ئەنجامی (P value) بریتییە لە (0.00)، بەڵگەداری ئاماری هەیە، چونکە ئەم بەهایە بچووکترە لە ئاستی گوزارشتی (0.05) (فاتمی، ٢٠٢٠، لا. ١٥١).

خشتەی ژمارە ( 3) شیکردنەوەی KMO

| KMO and Bartlett's Test | | |
|---|---|---|
| Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling Adequacy. | | 0.952 |
| Bartlett's Test of Sphericity | Approx. Chi- | 3648.540 |

| | | |
|---|---|---|
| | Square | |
| | Df | 378 |
| | Sig. | 0.000 |

## ڕاستگۆیی شیکردنەوەی ڕەهەندی بۆ پێوانەی گێچەڵ

ڕاستگۆیی ڕەهەندی جۆرێکە لە ڕاستگۆیی پێشکەوتوو کە وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەر یارمەتی توێژەر دەدات بۆ بونیادنانی پێوەرێک. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر دەتوانێت لەرێگەی ئەم شیکردنەوەیەوە پێوەرەکە دابەش بکات بۆ سەر چەند بوارێک، سەرەڕای ئەمەش یارمەتی توێژەر دەدات کە دەست نیشانی ئەوە بکات کە بڕگەکانی ئەم پێوەرە دەکەونە چ بوارێکی پێوەرەکە. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری گێچەڵ پشتی بەم جۆرە ڕاستگۆییە بەستووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئاراستەی قوتابییان لە بارەی ڕەفتاری گێچەڵ بزانێت. دوای ئەوەی توێژەر پێوەرەکەی بەسەر چوار بواری (گێچەڵی فیزیکی، گێچەڵی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی، گێچەڵی زارەکی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی) دابەش کرد کە ژمارەی بڕگەکان بریبی بوون لە (28) بڕگە و لە سەر بنەمای هەر بڕگەیەک بە لێکدانی پێنج بۆ سەر (220) نمونەی توێژینەوەی دابەشکرد و لە ڕێگەی پڕۆگرامی ئاماری SPSS هەوڵیدا شیکردنەوە بۆ بوارەکان بکات. شایەنی باسە دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان کە لەسەر بنەمای چەند بواری (Cross Loading) دامەزرابوو، بووە هۆی ئەوەی کە دوو بڕگە لەکۆی بڕگەکان لابچن، چونکە ئەو دوو بڕگەیە (Loading)یان نزم

بوو ، بە جۆرێک کە ئەو بڕگانەی لاچوون بریتیی بوون لە بڕگەکانی (6، 25)، چونکە ئاستی بەهێزی ئەو بڕگانە کەمتربوون لە (0.55) بۆیە لە شیکردنەوەی ڕەهەندی دەبێت لەنێوان ئاستی باوەڕی لەنێوان ( $1^{-}$بۆ $1^{+}$)، واتا ئەو بڕگانەی کە لە ئاستی ناوەندن یان سالب نزیک ببنەوە ئەوا ئاستی لۆدینگیان نزمە یان ناوەندە (Watkins, 2018, p.233) ئەو بڕگانەی کە مانەوەش بریتی بوون لە بڕگەکانی (1, 2, 3, 4, 5, 7, 9, 11, 12, 13, 14, 15, 16, 19, 17, 20, 21, 22, 23, 24, 26, 27, 28). لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی دابەشبوونی بڕگەکان بەسەر بوارەکانی ئەم پێوەرە بە جۆرێک بوون کە بڕگەکانی (1, 2, 3, 4, 5, 6, 7, 9) کەوتبوونە ناو بواری گێچەڵی فیزیکی، هەروەها بڕگەکانی (10,11,12,13,14,15) کەوتبوونە بواری گێچەڵی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی، بواری سێیەم کە بواری گێچەڵی زارەکی بریتی بوون لە بڕگەکانی (16,17,18,19,20,21,22)، هەروەها بواری چوارەم کە بواری گێچەڵی ئەلیکترۆنییە بڕگەکانی (23,24,25,26,27,28) لەخۆ دەگرێت، هەروەک لە (خشتەی ژمارە 4) ئاماژەی پێکراوە:

**خشتەی ژمارە (4) بوارەکانی پێوەری گێچەڵ**

| بڕگە | بوارەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | گێچەڵی فیزیکی | گێچەڵی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | گێچەڵی زارەکی | گێچەڵی ئەلیکترۆنی |
| | 0.645 | | | |

| | |
|---|---|
| | 0.714 |
| | 0.699 |
| | 0.669 |
| | 0.718 |
| | 0.548 |
| | 0.636 |
| | 0.685 |
| | 0.612 |
| 0.684 | |
| 0.706 | |
| 0.804 | |
| 0.636 | |

| | | |
|---|---|---|
| | | 0.775 |
| | 0.730 | 0.707 |
| | 0.785 | |
| | 0.794 | |
| | 0.561 | |
| | 0.692 | |
| | 0.683 | |
| | 0.587 | |
| | 0.730 | |
| 0.672 | | |
| 0.663 | | |
| 0.546 | | |

| |
|---|
| 0.639 |
| 0.660 |
| 0.608 |

**جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتووی ناوەکی**

بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگیری بە ریگەی یەکگرتووی ناوەکی توێژەر لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا پێوانەکەی بەسەر (220) قوتابی دابەشکرد و بە پشت بەستن بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دەرکەوت کە بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ گشت بڕگەکان بریتییە لە (٠.٩٥) کە ئەمەش بە بەهایەکی بەرز لە جێگیری پێوانە دادەندرێت. هەروەها بۆ سەرجەم بوارەکانی پێوەرەکە بە جیا بەهای ئەلفا کرۆنباخ دەرهێنراوە، بەم شێوەیە کە بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ بواری یەکەم کە لە (9) بڕگە پێکهاتووە بریتییە لە (0.87). وە بۆ بواری دووەمیش کە پێکهاتووە لە (6) بڕگە بریتییە لە (0.86)، هەرچی سەبارەت بە بواری سێیەمیشە ئەوا لە (7) بڕگە پێکدێت و جێگرییەکەی بریتییە لە (0.86) و بۆ بواری چوارەمیش کە لە (6) بڕگە پێکدێت بریتییە لە (0.83).

**خشتەی ژمارە (5) جێگیری بە ڕێگەی ئەلفا کرونباخ**

| بوارەکان | ژمارەی بڕگە | Cronbach's Alpha | ئاستی گوزارشت ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|
| فیزیکی | 9 | 0.87 | بەڵگەدارە |
| پەیوەندی و کۆمەڵایەتی | 6 | 0.86 | بەڵگەدارە |
| زارەکی | 7 | 0.86 | بەڵگەدارە |
| ئەلیکترونی | 6 | 0.83 | بەڵگەدارە |

**دووەم: پێوانەی دەستکەوتی خوێندن:**

بۆ پێوانە کردنی دەستکەوتی خوێندن توێژەر پشتی بە نمرەی قوتابییان بۆ ساڵی خوێندنی 2021-2022 بەستووە کە بەگوێرەی یاسای دەرچوون لە بابەتەکان ڕێژەی دەرچوون دەکەوێتە سەرووی 50٪ لە نمرەی هەر بابەتێک لە بابەتەکانی خوێندن، هەتا نمرەکە لە 50 نزیک بێتەوە بە واتای نزمی ئاستی دەستکەوتی خوێندن دێت.

کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا:

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک یاسای ئاماری بەکارهاتوون بە جۆرێک یاسای کا٢(Chi-Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی، هەروەها یاسای (Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی ناوەکی و یاسای تی تێستی یەک نموونەیی (one sample T.test) بۆ زانینی ئاستی گێچەڵ، بەکارهێنانی یاسای Pearson Correlation (Coefficient) بۆ زانینی پەیوەندی لە نێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن و لەگەڵ ئەوەشدا (Simple Linear Regression) بۆ زانینی پێشبینی کردنی گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن بەکارهێندرا.

**ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنییان:**

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی گێچەڵ:**

بۆ زانینی ئاستی گێچەڵ یاسای ( One Sample T.Test) بەکارهاتووە، کە نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (565) کەس و لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی ( M=86.7062) بە لادانی پێوەری ( SD= 9.94) و (ناوەندی گریمانەیی= 78). هەروەها نمرەی ئازاد (df= 564). (t = 20.81, p= 0.00<0.05) لەبەر ئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای (p= 0.00) بچووکترە لە (0.05) کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە گۆڕاوی گێچەڵ بەڵگەداری ئامارییە و ڕەفتاری گێچەڵ پێکردن لای نمونەی توێژینەوە بوونی هەیە. هەروەها قەبارەی کاریگەری (Effect Size) دەکاتە (0.86) ئەم بەهایەش بەپێی یاسای (cohen) گەورەترە لە (0.8) و ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕەفتاری گێچەڵ لە قوتابخانەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە بە گوێرەی ئاستەکانی (effect size) ، (0.2) کاریگەری لاواز، (0.5) کاریگەری مامناوەند و (0.8 بۆ سەرەوە)

کاریگەری گەورە نیشان دەدات ( Lenhart et al, 217, p. 8; Akbaryan, 2013, p.7).

ئەنجامی بە دەست هاتوو لەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Perren et al., 2010) کە ئەوەی دەرخستووە کە لە لایەن نمونەی توێژینەوەکەی کە قوتابیانی قوتابخانەکان دەگرێتەوە ئەوە ڕووبەڕووی ڕەفتاری گێچەڵ کردن بوونەتەوە، لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هۆکارەکانی دروست بوونی رەفتاری گێچەڵی بۆ کاریگەریە خراپەکانی ئەو ژینگەیە بگەرێتەوە کە گێچەڵکار تێدا دەژیت لەوانەش کاریگەری خێزان، هاوڕێ، یاخود ژینگەی قوتابخانە (Asatiani, 2020, p.121) هەر لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بەوەش بدرێت کە ڕەنگە هۆکاری گێچەڵ کردن بە کەسانی دیکە بۆ ئەو هۆکارە بگەڕێتەوە کە شەڕانگیزی بەشێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ، هەر وەکو سیگمۆند فرۆید ئاماژەی پێ دەدات کە دوو غەریزەی سەرەکی لە مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێڕن لە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکان، ئەوانیش غەریزەی چێژ و غەریزەی مەرگن، بۆیە فرۆید پێی وایە کە ئەو ڕەفتارە شەڕانگیزی و ئازاردەرانەی مرۆڤ لە بەرانبەر کەسانی دیکە دەیگرێتە بەر ئەو ڕەفتارانەن کە دەکەونە چوارچێوەی غەریزەی مەرگەوە (مستەفا، ٢٠١٩، لا.٣٩).

خشتەی ژمارە (6) شیکردنەوەی ئاستی گێچەڵ لەلای نمونەی توێژینەوە

| ناونیشان | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گێچەڵ | 565 | 86.706 | 78 | 9.943 | 20.811 | 564 | 0.00 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندن:

بۆ زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندن ، دوای وەرگرتنی نمرەی گشتی ئەو قوتابییانەی کە وەکو نمونەی توێژینەوە کە ژمارەیان بریتییە لە (565) دەست نیشان کراوە، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێری نمرەی قوتابیان بریتییە لە (٥٩.٥٧١) بە لادانی پێوەری (١٢.٤٧٨). ئەو ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابییان لە ئاستێکی تا رادەیەک نزمدا دەبیندرێت، چونکە بە گوێرەی یاسای دەرچوون لە قوتابخانەکان کە پشت بە نمرەی دەرچوونی (50%) دەبەستێت و تێکڕای دەروچوون لە قوتابخانەکان تەنها لە ئاستی پەسەندا دەبیندرێت.

**خشتەی ژمارە (7) ئاست دەستکەوتی خوێندن**

| ناونیشان | قەبارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| دەستکەوتی خوێندن | 565 | ٥٩.٥٧١ | ١٢.٤٧٨ |

ئەنجامی ئەو توێژیەنەوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( Mehraj & Bhat, 2013) هاوتایە کە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی لە ئاستێکی نزمدایە.

زۆرجار لاوازی دەستکەوتی خوێندن بۆ هۆکارە ژینگەییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ژینگەی دەوروبەری تاک کاریگەریی گەورە لەسەر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ دروست دەکات و وا دەکات کە مرۆڤ ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ژینەگەیە، بۆیە کاتێک ژینگەی دەورووبەر دەبێتە ژینگەیەکی ناڵەبار ئەوا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر توانا و ڕەفتارەکانی مرۆڤ (محەمەد، ٢٠٢١، لا. ٧٨). لەم ڕوانگەیەو  هۆکاری نزمی دەستکەوتی خوێندنی قوتابییان بۆ ئەو هۆکارە ژینگەییانە بگەڕێتەوە کە لە قوتابخانەکاندا بەشێوەی توندوتیژی و گێچەڵپێکردنەوە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبنەوە .

ئامانجی سێیەم: زانینی پەیوەندی لەنێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن:

به بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پیرسن Pearson Correlation (Coefficient) بۆ دەست نیشان کردن و زانینی پەیوەندی نێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە بەهای ( r = --.349**, p = 0.00<0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەوەندی بە دەستکەوتی خوێندنەوە هەیە و ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی نەرێنییە کە دەکاتە (34.9%)، ئەویش بە قەبارەی کاریگەری (0.121). ئەم ئەنجامە هاوتایە لە گەڵ توێژینەوەی (Woods & Wolke (2004 کە پشتڕاستی ئەمە دەکەنەوە، ڕەفتاری گێچەڵ پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندنەوە هەیە.

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندەی لە نێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندندا هەیە، ئەمە پەیوەستە بە خودی دیاردەی گێچەڵ، چونکە گێچەڵ بە سرووشتی خۆی جۆرێکە لە ڕەفتاڕی شەڕانگێزی و ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی ئەم ڕەفتارە، وادەکات کە هەستێکی نەرێنی لەلایان دروست ببێت و وا بکات کە بە ڕوانگەیەکی نەرێنییانەوە لەو ژینگەیانەدا ڕەفتار بکەن کە گێچەڵی تێدایە، بە تایبەتیش کاتێک ئەم ڕەفتاری گێچەڵە لە قوتابخانەکان پیادە دەکرێت دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی خولیای خوێندن و لە هەمان کاتیشدا نزم بوونەوەی ئاستی هەست کردن بە حەزی چوونە قوتابخانە (سەعید، ٢٠٠٧، لا. ٧-٩)

**خشتەی ژمارە (8) پەیوەندی لە نێوان گێچەڵ و دەستکەوتی خوێندن**

| | گێچەڵ | دەستکەوتی خوێندن |
|---|---|---|
| گێچەڵ | 1 | -.349** |
| دەستکەوتی خوێندن | -.349** | 1 |

**ئامانجی چوارەم: ئاستی پێشبینی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن**

بۆ زانینی ئاستی پێشبینی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن، توێژەر هەوڵیداوە ڕێگەی یاسای (Simple Linear regression) بەکار بهێنێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتواندرێت ئەم ئاستی پێشبینییە دەست نیشان بکەن، کە هەروەک لە خشتەی ژمارە (9) دیاریکراوە.

دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان، دەردەکەوێت کە بەهای ( F= 78.263) بەڵگەدارە و هەروەها (t = -8.847) بە ئاستی بەڵگەداری (p= 0.00<0.05)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گێچەڵ پێشبینی دەستکەوتی خوێندن دەکات. هەروەها ئاستی پێشبینی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن بەڵگەداری ئامارییە و ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەفتاری گێچەڵ بە ڕێژەی (12.2%)، کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە قوتابخانەکان دروست دەکات. واتە تا ئەندازەی گێچەڵ بەرزتر بێت، ئەوا ئاستی پێشبینی بۆ دەستکەوتی خوێندن بە ڕێژەی (12.2%) دادەبەزێت.

ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Atik (2006، کە ئاماژەیان بەوە داوە، ڕەفتاری گێچەڵ پێشبینی نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی لێ دەکرێت.

ئەم ئەنجامە کە ئەوە نیشان دەدات گێچەڵ دەبێتە هۆی پێشبینی بۆ نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن ، ئەمەش دەشێت بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێتەوە کە زۆرجار مەرجەکانی دەستکەوتی خوێندن پەیوەستن بەو جۆرە ڕەفتارانەی کە خودی قوتابی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کاتێک قوتابی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە ڕووبەڕووی جۆرێک لە توند و تیژی دەبێتەوە، ئەوا کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر ئاستی بەرهەم و دەستکەوتەکانی خوێندن (قادر، ٢٠٢٠، لا. ٧٣) بۆیە بوونی ڕەفتارێکی وەکو گێچەڵ ئەم کاریگەری نەرێنیی دەخاتە سەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابی.

**خشتەی ژمارە (9) زانینی ئاستی پێشبینی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن**

| گێچەڵ | | | |
|---|---|---|---|
| Sig. | *(T)* بەهای | Standardized Coefficient | دەستکەوتی خوێندن |
| | –8.847 | ––0.438 | |
| 0.00 | *F* | Sum of squares | |
| | 78.263 | 10718.814 | Regression |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Residual | 77107.533 | | |
| Total | 87826.347 | | |
| پوختەی کاریگەریی گێچەڵ لەسەر دەستکەوتی خوێندن | | | |
| B= 0.349a | | | |
| $R^2$= 0.122 | | | |
| Adjusted $R^2$= 0.120 | | | |
| أ. پێشبینییکار: گێچەڵ<br>ب . گۆڕاوی پاشکۆ: دەستکەوتی خوێندن | | | |

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

### یەکەم/ ڕاسپاردەکان:

١/بەرپرسانی پەروەردەیی گرنگییەکی زیاتر بدەن بە دیاردەی گێچەڵ لە قوتابخانەکان.

٢/ هەوڵبدرێت دەست نیشانی ئەو قوتابیانە بکرێت کە ئاستی دەستکەوتیان نزمە و بە دوای هۆکارەکانی ئەم ئاستەیدا بگەڕێن.

### دووەم: پێشنیارەکان:

١/ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەرفروان لەبارەی گێچەڵ لە قوتابخانەکان بە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی، وە نمونەی توێژینەوە زیاتر بکرێت.

٢/ چالاک کردنی ڕێنماییکاری دەروونی و کۆمەلایەتی لەو قوتابخانانەی کە ڕێنماییکاری دەروونی و کۆمەلایەتییان هەیە، هەروەها دامەزراندنی دەرچووانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی لەو قوتابخانانەی کە ڕێنماییکاری دەروونی و کۆمەلایەتییان نییە.

٣/ توێژینەوەیەکی بەراوردکاری ئەنجام درێت سەبارەت بە کاریگەری گێچەل لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە نێوان قوتابییە گێچەل پێکراوەکان و گێچەل پێنەکراوەکان.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- بەرواری، خالد میکائیل (٢٠١٩). تیۆرێن کەسایەتیێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەهران، لە بڵاوکراوەی پەرتووکخانەیان بەدرخانینان- دهۆک.

- جەمال، سۆزان (٢٠١٢)، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

- سەعید، فایەق (٢٠٠٧). هەراسان کردنی منداڵ لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی گشتیی هەولێر _ هەولێر.

- شاملۆ، سەعید (٢٠١٠). قوتابخانە وتیۆرییەکانی دەروونزانی کەسایەتی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گەنج_ سلێمانی.

- عەلی، ئازاد و ابراهیم، سەرهەنگ (٢٠١٩). دەروازویەک بۆ دەرونزانی گشتی، چاپی دووەم ، چاپخانەی تاران ، لە بڵاوکراوەکانی کتیبخانەی سۆفیا_ کۆیە.

- فاتمی، عادل (٢٠٢٠). شیکردنەوەی ئاماری، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی_سلێمانی.

- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢٠). دەروونزانی پەروەردە و گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە_سلێمانی.

- محەمەد، نازەنین عوسمان (٢٠٢١). بنەماکانی دەروندروستی، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی نارین_ هەولێر.

- مستەفا، یوسف حەمەصالح (٢٠١٩). کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئەندێشە_ سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

- ابراهيم، سعيد مبروك (٢٠١٩)، التنمر المدرسى رؤية من داخل مدارس التعليم الثانوي ، دراسة من إعداد مؤسسة الباحث للاستشارات البحثية والنشر الدولي بالقاهرة مجموعة من الأكاديميين في مجال العلوم الإنسانية_ قاهرة.

- الحموى، منى (٢٠١٠). التحصيل الدراسى و علاقتها بمفهوم الذات (دراسة ميدانية على عينتة من تلاميذ الصف الخامس -الحلقة الثانية- من التعليم الأساسي في مدارس محافظة دمشق الرسمية)، رسالة ماجستير، غير منشوره، كلية التربية، جامعة دمشق_ دمشق.

- خالد، الشايب (٢٠١٧). علاقة الصلابة النفسية بالتحصيل الدراسى لطالب التربية البدنية و الرياضية،رساله ماجستير، غيرمنشوره، معهد علوم و تقنيات النشاطات البدنية و الرياضية، جامعة قاصدى مرباح ورقلة، ورقلة_الجزائر.

- الدسوقى، مجدى محمد(٢٠١٦)، مقياس السلوك التنمرى للاطفالو المراهقين، دار جوانا للنشر و التوزيع_ قاهرة.

- سعيد، قنيش (٢٠١٢).الإتصال التربوى وعلاقاته بمستويات التحصيل الدراسى ، رسالة ماجستير، غير منشوره، كلية علوم الإجتماعية ،جامعة وهران-الجزائر.

- غولى، حسن احمد سهيل القرة و عكيلى،جبار وادى باهض (٢٠١٨)،اسباب سلوك التنمر المدرسى لدى الطلاب الصف الاول

المتوسط من وجهة نظر المدرسين و المدرسات و اساليب تعديله، مجلة كلية تربية للبنات، مجلد ٢٩، جامعة بغداد_ بغداد.

### سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

- Ahmad, Sharique & Wasim, Saeeda & Irfan, Sumaiya & Gogoi, Sudarshana & Srivastava, Anshika & Farheen, Zarina. (2019). Qualitative v/s Quantitative Research. 6. 2828-2832. 10.18410/jebmh/2019/587

- Akbaryan, F. (2013). Effect Size. Department of Rehabilitation Medicine, University of Alberta, Edmonton.

- Alotaibi, Norah. (2019). Cyber Bullying and the Expected Consequences on the Students' Academic Achievement. IEEE Access. PP. 1-1. 10.1109/ACCESS.2019.2947163.

- Ammar, M. A. (2021). Bullying & Cyberbullying scale for Adolescents (BCS_A) : Validation and Psychometric Properties in an Egyptian Sampl, Psychology and Education Journal, 58(5): 224-230, ISSN: 1553-6939.

- Asatiani, Nato & Tsereteli, Mzia. (2020). THE PSYCHOLOGICAL NATURE AND FACTORS OF BULLYING. GEORGIAN PSYCHOLOGICAL JOURNAL. 10.52340/gpj.2022.07.11.

- Atik, G. (2006). The role of locus of control, self-esteem, parenting style, loneliness, and academic achievement in predicting bullying among middle school students (Master's thesis, Middle East Technical University).

- Chan, J. H. F., Myron, R. R., & Crawshaw, C. M. (2005). The efficacy of non-anonymous measures of bullying. School Psychology International, 26, 443–458

- Che Rusuli, Ts. Dr. Muhamad Saufi. (2013). Factor Retention Decisions in Exploratory Factor Analysis Results: A Study Type of Knowledge Management Process at Malaysian University Libraries. Asian Social Science. 9. 10.5539/ass.v9n15p227

- Espelage, D. L., & Holt, M. (2001). Bullying and victimization during early adolescence: Peer influences and psychosocial correlates. Journal of Emotional Abuse, 2, 123–142

- Evans, Caroline & Smokowski, Paul. (2016). Theoretical Explanations For Bullying In School: How Ecological Processes Propagate Perpetration And Victimization. Child And Adolescent Social Work Journal. 33. 10.1007/S10560-015-0432-2

- Faryadi, Q. (2011). CYBER BULLYING AND ACADEMIC PERFORMANCE. International Journal Of Computational Engineering Research .

- Fredkove, Windy & Gower, Amy & Sieving, Renee. (2017). Internal Assets, Bullying, and Emotional Distress Among Young Adolescents. Western Journal of Nursing Research. 38. 1377-1378. 10.1177/0193945916658185.

- Goodboy, Alan & Martin, Matthew & Rittenour, Christine. (2016). Bullying As A Display Of Social Dominance Orientation. Communication Research Reports. 33. 159-165. 10.1080/08824096.2016.1154838

- Gottheil, N. F., & Dubow, E. F. (2001). The interrelationships of behavioral indices of bully and victim behavior. Journal of Emotional Abuse, 2, 75–93.

- Graham, S.E. (2016). Victims of Bullying in Schools. Theory Into Practice, 55, 136 - 144.DOI: 10.1080/00405841.2016.1148988

– Harris, S., & Petrie, G. F. (2003). Bullying: the bullies, the victims, the bystanders. Lanham, Md.: Scarecrow Press.

– Hawley, P.H.. (2007). Hawley, P.H. (2007). Social Dominance In Childhood And Adolescence: Why Social Competence And Aggression May Go Hand In Hand. In P.H. Hawley, T.D Little, & P. Rodkin (Eds.). Aggression And Adaptation: The Bright Side To Bad Behavior (Pp. 1-29). Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum And Associates

– Hinduja, S. & Patchin, J. W. (2019). Connecting adolescent suicide to the severity of bullying and cyberbullying. Journal of School Violence, 18(3), 333-346.

– Hollis, Leah. (2016). Socially Dominated: The Racialized And Gendered Positionality Of Those Precluded From Bullying. 10.1108/S1479-364420160000018012

– Jimerson, S. R., Swearer, S. M., & Espelage, D. L. (Eds.). (2009). Handbook of bullying in schools: An international perspective.

▪ Krejcie RV, Morgan DW. (1970) Determining Sample Size for Research Activities. Educational and Psychological Measurement. 1970;30(3):607-610. doi:10.1177/001316447003000308

– Lenhard, Wolfgang & Lenhard, Alexandra. (2017). Computation of Effect Sizes. 10.13140/RG.2.2.17823.92329.

– Marcum, K. K. (2018). Effect of Bullying on Emotional Distress in a Fourth and Fifth Grade Sample.

– Mehraj, Ahmad & Bhat, Mehraj. (2013). ACADEMIC ACHIEVEMENT OF SECONDARY SCHOOL STUDENTS IN RELATION TO SELF-CONCEPT AND PARENTAL

ENCOURAGEMENT. International Journal of Recent Scientific Research. 4. 738- 741.

- Murillo, J., & Román, M. (2011). Latin America: School bullying and academic achievement. Cepal Review.

- Mynard, H., & Joseph, S. (2000). Development of the Multidimensional Peer-Victimization Scale. Aggressive Behavior, 26, 169–178

- Orpinas, P., & Horne, A. M. (2006). Bullying prevention: Creating a positive school climate and developing social competence. Washington, DC: American Psychological Association.

- Parada, R. H. (2000). Adolescent Peer Relations Instrument: A theoretical and empirical basis for the measurement of participant roles in bullying and victimization of adolescence: An interim test manual and a research monograph: A test manual. Penrith South, DC, Australia: Publication Unit, Self-concept Enhancement and Learning Facilitation (SELF) Research Centre, University of Western Sydney

- Perren, Sonja & Dooley, Julian & Shaw, Thérèse & Cross, Donna. (2010). Bullying in school and cyberspace: Associations with depressive symptoms in Swiss and Australian adolescents. Child and adolescent psychiatry and mental health. 4. 28. 10.1186/1753-2000-4-28.

- Phye, G. D., & Sanders, C. (2004). Bullying: Implications for the classroom. Elsevier.

- Rugutt, J. K., & Chemosit, C. C. (2005). A Study Of Factors That Influence College Academic Achievement: A Structural Equation Modeling Approach. Journal Of Educational Research & Policy Studies, 5(1), 66-90

- Shariff, Shaheen. (2008). Cyber-Bullying: Issues and Solutions for the School, the Classroom and the Home. Cyber-Bullying: Issues and Solutions for the School, the Classroom and the Home. 1-299. 10.4324/9780203928837.

- Smith, P. K., Pepler, D., & Rigby, K. (Eds.). (2004). Bullying in schools: How successful can interventions be? Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/CBO9780511584466

- Tarshis, T. P., & Huffman, L. C. (2007). Psychometric properties of the Peer Interactions in Primary School (PIPS) questionnaire. Journal of Developmental and Behavioral Pediatrics, 28, 125–132

- UNICEF. (2019). Behind The Numbers: Ending School Violence And Bullying. Paris: UNICEF. Retirado De: Https://Unesdoc. Unesco. Org/Ark:/48223/Pf0000366483.

- Volk, Anthony & Provenzano, Daniel & Farrell, Ann & Dane, Andrew & Shulman, Elizabeth. (2021). Personality And Bullying: Pathways To Adolescent Social Dominance. Current Psychology. 40. 10.1007/S12144-019-00182-4.

- Watkins, M. W. (2018). Exploratory Factor Analysis: A Guide to Best Practice. Journal of Black Psychology, 44(3), 219–246. https://doi.org/10.1177/0095798418771807

- Woods, S., & Wolke, D. (2004). Direct and relational bullying among primary school children and academic achievement. Journal of school psychology, 42(2), 135-155.

- Young, Deidra & Reynolds, Arthur & Walberg, Herbert. (1996). Science Achievement And Educational Productivity: A Hierarchical Linear Model. Journal Of Educational Research - J EDUC RES. 89. 272-278. 10.1080/00220671.1996.9941328

## Bullying and its Relationship to Academic Achievement Among High School Students


### Abstract

Bullying is one of the problems that some students face in schools, which often affects their academic performance. This research aims to determine the level of bullying and academic achievement among students and to what extent bullying predicts academic achievement among the samples. The population of this study includes schools in Soran Autonomous Administration, and the sample consists (of 565) students in grades (10 and 11) of high school. This study uses a quantitative descriptive method and a survey form to obtain data. The researcher developed a scale to measure the level of bullying and to measure academic achievement; this research relied on students' test scores. This study's results show that the bullying level in schools is statistically high and significant, and academic achievement is low. Furthermore, the results show a negative relationship between bullying and academic achievement, while bullying predicts lower academic grades. In addition, the researchers have made several recommendations based on the results obtained in this study.



**Keywords**: bullying, academic achievement, student.

## التنمر وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلاب المرحلة الثانوية


## الملخص

يعد التنمر من المشكلات التي يواجهها بعض الطلبة في المدارس، والتي قد تؤثر على تحصيلهم الدراسي. وهدفت الدراسة الحالية إلى الكشف عن مستوى التنمر و مستوى التحصيل الدراسي لدى طلبة التعليم الثانوي, وكذلك الكشف عن أي مدى يمكن ان يتوقع تاثير التنمر على التحصيل الدراسي لدى عينة الدراسة. وتكوّن مجتمع الدراسة من المدارس الثانوية ضمن إدارة سوران المستقلة، وتكونت عينة الدراسة من (٥٦٥) طالبا وطالبة في الصفين (١٠ و ١١) من المدارس الثانوية. ولتحقيق أهداف الدراسة اعتمدت الدراسة على المنهج الكمي الوصفي, وتمثلت اداة الدراسة في استبانة معدّة لغرض الكشف عن مستوى التنمر, ولكشف مستوى التحصيل الدراسي اعتمدت الدراسة على درجات اختبارات معتمدة للطلبة من قبل المدارس. واشارت نتائج الدراسة أن مستوى التنمر في المدارس مرتفع وبدلالة احصائية , ومستوى التحصيل الدراسي منخفض. علاوة على ذلك، هناك علاقة سلبية بين التنمر والتحصيل الدراسي، في الوقت نفسه يمكن التنبؤ بان التنمر يكون سببا في انخفاض التحصيل الدراسي. وبناءا على ما قدمته نتائج الدراسة، عرض الباحثان مجموعة من التوصيات والمقترحات.



**الكلمات المفتاحية**: التنمر ، التحصيل الدراسي ، الطلبة